# برايموك (دنباله)

برايموك.

برايم مەلازێندێن بوَ، لە تايەفەی زێڕ بوَ ، هاتە كن ميرانى بە نۆكەرێ. ميران ـو تەيمەس خان ـو خاتوَن لە دايكێ كێ بوَن ، ميرحەج ـو ميرشێخيش لە دايكێ كى بوَن هەر چواريان بران. جا ميران كوتى. برايم ئەوە لە بەر خاترى خاتونيم هاتوتە كنى.

ميران گول بوَ ، ئەگە ميران گول بوَ ، ميرحەج پێ‌ی كوت. برايم ! ميران ئەوە گول بوَ ، رابرد ، دەس لە ميرانى هەلگرە.

ئەويش "بزن دەر خەمى جان ـو قەساب دەر خەمى پێو" برايم كارى بە خاتوَنێ بوَ هيچ كارى بە ميرانى نە بوَ ميرانيش پێ‌ی كوت. ئەگە بێت ـو دە گەڵم بێ‌ی بچينە سەركانێ ئيمام حەلبيان ئەگە چابوَم خاتونێت دەدەمێ ئەگە مرديشم وەسێتێ دەكەم خاتوَنت بدەنێ. هەستا سوارى‌كرد حەوت ساڵانى دە مەملەكەتى عيراقێ گێڕا ، ميران چانـە بوَ لە پاشان روَى تێ كرد كوتى: كاكە ميران ! ئە مە كابرايە كين بێ پە نا ـو نووا ئە توَ بێ خە بە رى حەوت ساڵە ئە من ئە توَ دە گێڕم دە مە ملە كە تى عيراقێ دا ، ئە لعان خە رج ـو مە خاريجێ كن دە گوَڕێ دا نە ماوە ، چەن كەسن ناسيون لە عيراقێ خوَم بوَ هاويشتويە كنێ پوڵم لێ قە رز كردوَن ، كردوَمەتە مە خاريج ـو داومێ‌ی

جا کوتی ئەگە هەر وایە با بڕوێنەوە .
جادەڵێ هاتن سەر چۆم بۆ مەڕێک لە سەر چۆمەکەی کەوت بۆ هاتنە سەر چۆمەکەی ،ئەگە هاتن پێی کوت. برایم! چ نانێک مانێکت پێ نێ؟ کوتی. کاکە میران! هیچ نانمان پێ نێ ،ئەتۆ لێرە دانیشە ،ئەمن ئەوە دەچمە کن ئەو شوانەی برێکت نان بۆ دێنم. میران پاڵی وە کە لەکێ کی دا. برایم چۆ کن کابرای شوان کوتی. کاکە! پێت نێ دۆ نانم دەیەی بۆ ئەو کابرا نەخۆشەی دەگەڵمە. کوتی. بابە!ئەلعانم نان خواردووە برێکم ورکە نانی ڕەق دەبنی تورەکەی دایە ئەگە بۆی دەبەی. کوتی . جا بابە! مەرد_و مەردانە زەلیلە ئەوەی پێ ناخورێ ئەگە نانەکەت داوەێ پیاوەتیت دەگەڵ کردوم برێکیشم شیرێ دەیە کوتی: بابە! ئەمن دەفرـو حاجەتێکم پێ نییە ئەگە شیری بۆ تۆ تێ بدوشم ،شتێکی بێنە وەرە مەڕە چەندی لێ دەدوشی بدوشە! برایم گەرا قاپیلکە کیسەڵێ کی دێوە تەکاندی گلەکەیـو مەڕێکی ڕەشی هەستاند بە قەزاـو قەدەری خودای گوانی پڕ بۆ لە شیر بۆی تێ دۆشی ، تێکوشینەکەی بۆ هێنا ئەگە هات میران خەوی لێ کەوت بۆ .
جامیران خەوی لێ کەوت بۆ ئەویش کوتی. وەڵاهی هەڵی ناستێنم لە بن سەری دادەنێم ئەگە هەستا با بۆ خۆی بیخوا. لە بن سەری دانا برایم بۆ خۆی کشاوە پاڵی وە بەردێکی دا ،پشتی دەوی بۆ ،ئەگە ئاوری داوە مازێکی ڕەش لە کەڵەکەی هاتە دەرێ تێکوشینەکەی خواردـو لیستییەوە. کوتی. تەماشا خودایە ڕسقی ئەو کابرایەی لە سەر عەرزێ براوە ،کە ئەلعان ئەمن بەو کوێرەوەرێم ئەو تێکوشینە بۆ پەیداکرد ـ و ئەوە مارەکەش خواردی. باز ئەمن بڵێم چی دەو فکرەی دابۆ ،مارەکە دوای ئەوەی کە لێستییەوە دە قاپیلکەکەی ڕشایەوە ـ و چۆوە جێی خوی. کوتی. خودا چاکی دا ،میران ئەگە هەستا دەی دەمێ با بەرێ .
میران وە خەبەر هات هەرای کرد کوتی: برایم! برایم کوتی: بەڵێ ئاغا! کوتی ؛ چت بۆهێناوم؟ کوتی: ئاغا ! تێ کوشینی شیرێم بۆهێناوی

کوتی: دەوەرە! بۆم بێنە ئەگەر هەستا برایم غیرەتی قبولی نەکرد، کوتی: نای دەمێ. دەبمە معەقەبی رۆژبازاری قیامەتێ، خودا لێم هەڵناگرێ بۆ وەی، پێ‌ی دە لێم دەی خوا با بی‌خوا ،نا خوا کەیفی خۆیەتی.

جا هێنای ،هاتە پێشێ کوتی: کاکە میران! حاڵەکەی وایە مارێکی رەش خواردویە بۆت تێ‌رشاوەتەوە ،دەی خۆی بی‌خۆ نای خۆی باڵی خۆت وە ئەستۆی خۆت پێ ی کوت: کوتی: برایم! توخودا بی‌هێنە با نەجانم بێ لە دنیایە ، بمرم!

برایم لێ‌ی کشایەوە دور کەوتەوە ،میران خواردی بە عەمری خودای تەواوی بەدەنی وەک کراسی لە بەر خوت داکەنی میران لە توخێک هاتە دە ری . میران چابۆوە، جا ئەگە میران چابۆوە، بە دەنگی زوڵاڵ هەرای کرد کوتی: برایم! برایم کوتی: کێیە لەو چولییەی هەرای من دەکا ئەو جار ئەگە کوتی برایم ،زانی میرانە، کوتی. بەلی! کوتی: وەرە پێشێ! کوتی: برایم مزگێنیم چ دە دەیەی؟ چابو مەوە! ئەویش رۆی تێ‌کرد دەستی بە ردێنی داهێنا کوتی :جا کاکەمیران! ئەتۆ ساحەبی خومارۆیەی ئەمن چت دەمێ؟ نۆکەرم ئەتۆ دەبێ ئەمن خەڵات کەی!جا کوتی! برایم! با بچینە سەر چۆمی بەدەنن‌شوستوشۆ پکەین جا ئەو دەمی دەرۆینەوە.

هاتن شیو کوڵێ‌کیان کرد ،خۆیان سازکرد ،جا کوتی برایم! کەرەکەم بۆ بینە لاقم چاک عەرزی ناگرێ سواری دەبین دەرۆینەوە، برایم کوتی بزانم با بەندێکی بانگ کەمێ بزانم میران لە سەر قەولی خۆی ماوە خاتۆنم دەداتێ یان نا؟

جا ئەوە هەوەڵە کەیەتی.

هایێ برایم دەڵێ ،میران! میران دەڵێ: بەڵێ!

دەوەرە کاکە میران! ئەمن قاسیدێکی بە بەینەتـو بە متمانم وە مس ناکەوی بینیرمەوە خومارویە رەنگین بزانم خاتۆن پەریخان ماوەتەوە لە سەر قەول ـ و قەرارەکەی دە هەوەڵێ

ئەوە میران دەیکوت: برایم! روحێ من قاسیدە تازە لە خومارویە رەنگین دەگەرێ، خاتوّن دەستی خۆی دەداوە ئافتاوێ کە هەیدەربەگی عەسلە رۆمی سەبر سەبرـو نەرم نەرم دەرویەوە لە بۆ سەر کانێ، کانیلەی دە خەزالێ. دەیکوت ئەمن جوتێکم شەمامەـو شەمامە رەنگینەی دە باغەلێ حاشارم داون لەنورانی قەلێکی‌گولە مێردان ئامانە تییە برایمی مەلازیندینانن هەی داد ـ و هەی بێداد کەسی دیان تێ ناهالێ.

جا کوتی؛ لە سەر قەولـو قەراری خۆی ماوە. کەرەکەی بۆ هێنا سوار بوّنـو هاتنەوە، هەتا میران خەڵکی پێوەهات ئاغا بوّ سەری لە سەر فارغ بوّ بەینێکی کێشا. ئەگە برایم تەماشای کرد خاتوّن پەریخان بە خۆـو قەرەواشان رۆیی بۆ سەر کانی غومارویە . برایم کوتی: با بچمە کن خاتوّنێ بزانم ئایە خەبەرەکەی خاتوّنێ چییە؟ ئەمن حەوت ساڵە رۆیوم لە سەر قەولی خۆی ماوە یان نا؟

ئەوە برایم هەر ئەو دەمی هەر ئەو سەعاتی بە شانی خوی دادەداوە کەوڵێکی بەگ رەزی قاقمی سەنبلی بەرـو پشت دەلەکی ئەنگوچک کورتی حاکم نەدیدە بەری دەدانەوە جوتێکە سۆرانی لە وی دەسێ قەڵاتی سەبر سەبرـو نەرم نەرم خۆی لە بۆ سەر کانیلەـو کانی دە غومارویە رەنگین دە ئابزاوتی، دەچوّ سڵاوێکی دەکردەوە لە بەژنی خاتوّنی دەیکوت. خاتونی! ئەمن نوکەری دەکاکە میرانی بوّم هەی‌دادـو هەی بێداد ساڵێکی لە وی‌دە هەوەلێ.

بەژنی خاتوّنێ بە من بمێنێ بە وێ تاقەداری ئەگە دە رستای لە سەر بارستی دە قوتەلێ.

کەزییەت بە من بمێنێ بە رستی دە تاولی پارچەمت بە من بمێنێ بە وێ رەشەریحانی ئەگە لە چوار باغی دەوان کوزان، کوژە بەبان هەی دادـو هەی بێداد خۆیان لە برایمە رەبەنە ماڵەی داویشتنەوە سەر بارستی دە خەیاڵی. ئەگەر ماچێکی نەدەیەوە بە برایمی دەردێکی گەلێک گرانم گەیەوەتێ خاتونی!

پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی
پرتال جامع علوم انسانی

مەعلومەدەمگاتی مەرگی لە وی دە بە ئەجەلێ.

ئەوە خاتوێن دەیکوت. دەبڕۆ برایم قسە درێژێ مەکە. لە وا ن لەبزەتان گەڕێ

با بانگی دست_و پێوەند_و حەدار_و پێش خزمەتی دە کاکە میرانی نەکەم سەری برایمی ببرن_و بەدەنی برایمی شیوکەنەوە لەبەر مەودای دە خەنجەرێ.

برایم زیر دەبۆ لەوێندەرێ.

خاتوێن دەی کوت. قەرەواشێ سەر بە قوڕی کارەگەرێ! دەبڕۆ برایمی وەگێرە سەلا_و قەت کەسی خاتوێنی نەمان دوت لە سەری برایمی داخودا ئاهی برایمی چن لێ بە سەرێ.

ئەوە قەرەواش دەلی. برایم! بۆ خاتری محەمەدی دە ئەمینە ئەو جارەکەش لە خاتوێنی بابان قەلەندەر زیز مەبە وەگەرێ.

برایم دەلی. خاتوێنێ کەلەگەتێ کیلگەردنێ زەرد ئەسمەرێ خو قەراری ئاشقان هەر وا بوێن هەرکەسانێکی زیز بووان وەگێرێ دەبێ بیان داتی تۆق_و تەلەسم_و گوارم_و کرمەک_و دەرزیلەی دەپاشە سەرێ.

بۆ خۆی بیان نیینە لایەکی دە باغەلێ.

ئەوە خاتوێن دەی پساندن بەندی دەگواران هەلێ_ دەکێشان جلەوی دە بو غزیان دای دەرنین قەتارەی دە فەرەنتییان دەیکوت. برایم! دەبیان نێوە دە لایەکی دە باغەلێ.

برایم هەر ئەو دەمی_و هەر ئەو سەعاتی لە مەجلیسەکەی دە کاکە میرانی قاسیدێکی بە هەلوەدا دەگەییەوە سەرێ، دەلی. برایم دەستی خۆت بدەوە گۆزانێ کاکە میران گەلێک گەلێک بێ سەحەتە کەوتۆتەوە لە بەر ئەوێ ژانە سەرێ.

ئەوە برایم هەڵدە ستاوە لە وێندەرێ.

ڕوێ دەکردە مەجلیسی کاکە میرانی، لە مەجلیسی دە میرانی دە چوە سەرێ.

دەستێکی دەبردەوە بۆ گۆزانێ ئەوی دە دیکەی رادەکێشاوە لە بۆ مێزە رێ.

بەد بەختی برایمی نێرەی دەترازان لە بەر کەمەبەرێ توق ــ و تەلەسمی خاتۆنێ دەیان کرنەوە خرمژن ــ و وەک قەرقەری هەڵدەرژان لە مەجلیسی دە میری ــ و لە وێندەرێ .

ئەوە میران دەی کوت . برایم ! ئەوە چن؟ دەی‌کوت : کاکە میران دۆنی ئەگەر ئەتۆ دەچویە راوێ خاتۆن دەهات گەسکی دەدا لە سەر فەرشی دە وەتاغی هەر لە وێندەرێ . تۆق ــ و تەلەسم ــ و گوارە ــ و کرمەکی خۆی دادەنان لە دەلاقێکی لە وی دە دەرێ .

لەبیری دەچۆن ئەمن دەستم دەدانێ دەمکوت نەبادا کەسێک غەیان بێ بە دەرکی کاکە میرانی دەستیان بداتێ لە وێندەرێ .

ئەوە میران دەی‌کوت : برایم! دەبڕۆ دایان نیۆە لە دەلاقەی لە وی دە دەرێ .

برایم دەی‌نانەوە دەلایەکی لە وی دە باغەڵێ ڕۆی دەکردە کن خاتۆنی دەی‌کوت .

کەلەگەتێ کێل‌گەردنێ زەردئەسمەرێ رەبی وەک بە سەر برایمی دەهاتی کافرانیش هەر وایان لێ بە سەرێ ، ئەمن دەچوم لە مەجلیسی دە کاکت دەستێکم دەبرد لە بۆ گۆزانێ ئەوی دیکەم رادەکێشا لە بۆ مێزەرێ .

بەد بەختی برایمی نێرەم دەترازان لە بەر کەمبەرێ .

تۆق ــ و تەلەسم ــ و گوارە ــ و کرمەکی دەخاتۆنی دەیان کرنەوە خرمژن ــ و هەڵدەرژان لە مەجلیسی میرانی هەر لە وێندەرێ .

ئەوە خاتۆن دەی‌کوت . برایم! لە مەجلیسی کاکە میرانی کاکم دەت‌کوت چی؟

دەی‌کوت خاتۆنی! دەمکوت دۆنی ئەگەر ئەتۆ چویە راوێ خاتۆن دەهات گەسکی دەدان لە سەر فەرشی دە وەتاغێ هەر لە وێندەرێ . تۆق ــ و تەلەسم ــ و گوارە ــ و کرمەکی لە بەر تۆزێ دای‌دەنان لە دەلاقەی لە وی دە دەرێ .

لەبیری دەچۆن ئەمن دەستم دەدانێ دەمکوت نەبادا کەسێک غەیان بێ بە دەرکی کاکە میرانی دستیان بداتێ لە وێندەرێ .

ئەوە خاتۆن دەی‌کوت : رەبی برایم ماڵت وێران بێ لە بۆ دڵۆپە خۆنرێژێکی دەپارییەوە ئێستا دەچم لە مەجلیسی کاکم خەجالەتێ ئەوێ قسەشت لە سەر

دەبەمەوەدەرێ.
خاتوّن هەڵی دەکێشا جوتێکە گوربیە، دە سەری پێی دەکردن جوتێکە کەوشی پانێ بڵیندی حەسلە دمچاڵی لە وی دە کوڕەکی ،بە سەر سەری خوّی دادەداوە چارشێو یکە بەغدا زەمینی عەسڵی ئێراتی .سەبر سەبر ـ و نەرم نەرم خوّی لە بوّ مەجلیسەکەی دە کاکە میرانی دەبزاوتی.
لە مەجلیسی دە کاکە میرانی دە چۆوە سەرێ هەیداد ـ و هەیبێداد ریشوەی چارشێوی دە خاتوّن پەریخانی نێو گەزییان لە سەر پانییای دەکەنەوە سیبەرێ.
ئەوە خاتوّن پەریخان پەردەی لەکاکە میرانی کاکی هەڵدەداوە لە مەجلیسەکەی میری دەکردەوە سڵاوە دەیکوت. دەوەرە! کاکە میران دۆنی ئەگە ئەتۆ دەچویە راوی ئەمن دەهاتم گەسکم دەدان لە سەر فەرشی دە وەتانخی هەر لە وێندەرێ. توّق ـ و تەلەسم ـ و گوارە ـ و کرمەکی خوّم دادەنان لە دەلاقێکی لە وی دە دەری.
لەبێرم دە چوّن جارچی بنێرمە سەر تاللارێ خوّت، جارێ پکێشێ سندوقی سەری دە کاکە میرانی هەر کەسێکی دەستی داونێ بییان ئاوێتەوە وێندەرێ. ئەوە میران دەیکوت: خوشکێ! خاتوّن! برایم نوکەرێکی گەلێک بە ئەمەگە بە وفایە ناوینەوە دە لایەکی لە وی دە باغەڵێ.
خاتوّن دەیکوت .دەوەرە! کاکە میران چونکە برایم خوشەویستی تویە ئەوە توّق ـ و تەلەسم ـ و گوارە ـ و کرمەکی دەخوّ لە من حەرام بوّن دەبێ کاکە میران سندوقی سەری خوێ لە بوّ برایمییان بنێرێتەوە خزمەت وەستا حەمە مرادی دەکوّیە لە بوّ برایمییان پکاتەوە بە باڵچوّغەی دە شێری ـ و بە زریزە ـ و دوپشکەی لە وی دە خەنجەرێ.
ئەوە خاتوّن هەر ئەو دەمی هەر ئەو سەعاتی روّی دەکردە ماڵە تەیمەس خانی برای هەڵیدەگرتن جوتێکە مەسینەی هەیدەربەگی عەسلە روّمی سەبرسەبر ـ و نەرم نەرم بە سەر پردە بەدینەیدا خوّی لە بوّ سەر کانیلە ـ و کانیاوی دە غومارویە رەنگین دەبزاوتی، ئەوە دەروّیی دەزنوّژێکە فەردی هەڵبگرێ بخوێنی نوّژێکی

له وی ده چوار رکائەتی به گۆشەی ده چاوی برایمی به چاو دەنگاوتی .
برایم‌هەر ئەو دەمی هەرئەو سەحاتی به سەر شانی خۆی دادەدا کەوڵێکه بەگرەزی قاقمی سەنبلی بەر_وپشت دەلەکی هەنگوچک کورتی حاکم نەدیده بەری دەدانەوه جوتێکه سورانی له وی ده سی‌قەلاتی .
سەبر سەبر وه و نەرم نەرم خوی له بو سەر کانیلە_و کانیاوی ده غومارۆیه رەنگین دەبزاوتی .
دمچوَ سڵاوێکی دەکرد له بەژنی خاتوَنی ئەوی دی‌کەی دەکردەوه له بەردی هەر له بەردە تاتی .
ئەوه خاتوَن دەی کوت . وه عەلەیکومو سەلام_و رەحمه تولّلاهی بیست _و دو جاران برایم هەر له وی را هەر تاوەکونی ئێره به سه ر چاوی ده خاتوَنی بابان قەلەندەردا به خێر دەهاتی .
دەوەر برایم! ئەتۆ نەخۆش نەبوی بوێژ نەبوَی دەلێی مردەکی له ژێر قەبرا ن دەر دەهاتی .
خانه خراپ! ناردومه کەویت بۆ بکرن دوکمەت له سەر خەیاتی .
دەلێ . خاتونی ! ئەمن نەخۆش نەبوم بوێژ نەبوَم وەکی مردەکی له ژێر قەبران دەر دەهاتی .
بەڵان‌ئەمن ئەو ساڵەکه حەو ساڵه مەعزول کێشم له دیوانی دەکاکه میرانی کاکت چبکەم تاق تاقه ماچی ده خاتونێ له برایمی دەبوَنەوه قاتی .
ئەوه خاتوَن دەلی : دەوەره برایم! ئاغایان نۆکەری خویان خەڵات دەکەن دەیان دەنێ موچەی لێیان ناستینەوه شەکه زەکاتی .
دەیان دەنی کەولی بەگ مزی قاقمی سەنبلی بەر_و پشت دەڵەکی حاکم نەدیدەی له وی ده سێ‌قەلاتی .
بەڵان ئەمن جوتێکم شەمامه شەمامه رەنگینی باغەڵێ حاشارم داون ئەو سال حەوه ساڵه ئەڵئان دەیان دەم به برایمی هەر به دیاری _و به سەوقاتی .
ئەوه برایم دەلی . دەوەره خاتونی! ئەوان شەمامه شەمامه رەنگینی باخەڵێ تۆ

بە من بمێنن بە وێ شەمامەی دەخەت خەت کە لە چوار بێستانی دەوان
کوڕە بەبان شەختەی پایزی لایەکی لە برایمی مال ویران دەنگاوتی .
ئەوە برایم بە سەر شانی خاتونی‌ی هەل دەکیشاوە لایەکی کەوڵی بەگ رەزی لە
وی دە سێ قەلاتی .
سەبر سەبر ـو نەرم نەرم ئەو سمێڵی دە خورمایی لە سەر کوڵمەی دە خاتۆنی
دەباری قەند گەلێک شیرین تر لە نەباتی .
هەر چەن خشڵ ـو خەراجاتی دە خاتون پەریخانی بە سەر کالان ـو کەمبەری
برایمی دا دەیان کردنەوە خرمژن ـو بەقەت دەمانچێکە ئەی‌بەگی دانیسقەی
چەخمال فەرەنگی دەنگیان دەدانەوە لە وەڵاتی .
ئەوە خاتۆن لە نورالّی خالی گولێکی دە گولە میردان بە دوڕ بی نێکە خاسە
رەنگ تەمی دەکانیێ‌ی بە چاو دەنگاوتی .
نەی دەوێرا بێتە سەر برایمی دە چۆوە لە مەجلیسی دە کاکە میرانی دەستی دەکرد
بە گریانێ چەندی قسە دەکردنەوە هەر بە فیتنە ـو بە فەساتی .
ئەوە خاتۆن پەریخان دەڵێ. برایم! سەرم دیشێ دڵی خاتۆنی بابان قەلەندەر
چەندی لە وەرە ، کورە! مال ویران چەندی لە وەرە وەرە .
ئەوە دۆ کورە مەفەردی بە هەڵوەدە لە دیوانی میری کاکم دێنەوە دەرە.
دەترسم قسەی من ـو تۆ چۆ بێتەوە دیوانەکەی دە کاکە میرانی ئەتۆ پکەنەوە
دەر بە دەرە.
ئەوە ئەمن لە مێژە فێرە تازیەم ئەو جارەکەش دانیشم سەر بە قور ـو بابان
قەلەندەرە.
ئەوە برایم دەڵێ .خاتۆنی! سەرم دێشێ دلی برایمی چەندی لە باس خەبەرە.
ئەو دۆ کورە مەفەردێی لە دیوانی کاکت دێنەوە دەرە.
یەکیان برادەرێکی گەلێک بە وەفایە ئەوی دی لە وی دە بە گۆشە جگەرە.
ئێستا دەچم لە بۆت دێنمەوە باس ـو خەبەرێکی مەعلوم ـو موختەسەرە .
ئەوە برایم بە سەر شانی خۆی دا دەداوە کەوڵێکە بەگرەزی قاقمی سەنبلی بەر ـو

پشت دەلەکی هەنگوچک کورتی حاکم نەدیدە لە بۆ کن قاسیدان دەبزاوتی .
دەی کوت . قاسیدە! توخداکەی لە دیوانی دە کاکەمیرانی را دەهاتن وەک ئێوە بزانن چ باسە ــ و چ خەبەرە؟
ئەمن بە کوشتم چ بە برم چ بە خەڵاتم یان لە دوی من هاتون کاکە میران سوارم دەکا دەگەل خاتونێ دەم نێرێتەوە سەر حیلی سورچی ــ و زوراری ــ و مام سالێیان پێم‌دەستێنێتەو، مەزانەی حەو سالەی دەگەڵ ئەوێ شەکەزەکاتێ .
ئەوە قاسید دەلێ . برایم ! رەبی ماڵت وێران بێ شەوی دە شەوان دالانی دە غومارۆیە چما ماڵە دۆست ــ و برادەران لە تۆ ببوەنەوە بە قاتی .
لە تۆ وایە خاتون پەریخان کچە گاوانێکە بە ئۆژی دە نێوە رۆیە لە سەر کانیلەی دە غومارۆیە رەنگین لە ژوانێ‌ی دەهاتی .
نورالی گولێ کی دە مێردان بە دوربی نێکە خاسە رەنگ تەمیزەی بە چاو دەنگاوتی .
نەی دەوێرا بێتە سەرت دە هات لە مەجلیسەکەی دە کاکە میرانی دەستی دەکرد بە گریانێ چەندی قسەدەکردن بە فیتنە ــ و بە فەساتی .
دەومرە برایم! بە سەری تۆ ئەگە ئەمە بزانین ئەتۆ نە بە کوشتی نە بە برێ نە بە خەڵاتی .
بەڵان حەولی جوتە لایینێکی بدە بە مانگی دە کانونێ بە چلەی دە زستانێ برایم میران دەرت دەکاتەوە لە خاپورە وەڵاتی .
جا ئەگە ئەو خەبەرەیان دایە خەبەرێکی ناخۆش بو رۆیی بۆ دیوانی میرانی ئەگە چو دیوانی میرانی گیرابو مەجلیسی کی مرەتتەب بو بێ قسە . ئەگە تەماشای کرد ــ و چو دیوی مە جلیسێ سڵاوی لە مەجلیسی میرانی کرد هەرچی بە برایمی دۆست بو کوتی . وە عەلەی‌کەسەلام ــ و رەحمەتوڵڵاهی بیست و دو جاران برایم بە خێر دەهاتی .
هەرچی بە برایمی دوژمن بو وەک ژنیکی‌حیز بە حاسەتەم لە سەر لێوان پرتێکی لێ دەهات . ئەگە تەماشای کرد میران غەزری بو ، لە مەجلیسێ گوی لێ بو ئەگە باسی برایمیان‌دەکرد ئەگە ئەمەگی برایمی دینایە پیش چاوی پوشکێ‌کی بە دەستەوە

بۆ له سەر فەرشان ده عەرزێ‌ی دەوەشاند ئەگە ئەمەگی برایمی وه خردەکرد ڕێی نەبو دەری‌کا ئەگەر قسەی کابراشی وه بیردەهاتەوە. ئەوە له سەر کانی دەگەڵ خاتونێ‌به پێ‌ی حەیب بۆ. میران غەزری قسەی نەکرد برایم ڕاوەستا کوتی . بزانم ئەو مەجلیسە عومدەیە. پیاوێکی وا لەو مەجلیسەی بڵیند دەبێ بڵێ.کاکە میران! یا بیگوژە یا دەری‌کە یا ئازادی کە با برایم را نەوەستی جێ‌ی ڕاەستانی نی. برایم جێ‌ی دیار بۆ ئەگە دانیشت تەماشای کرد کەس نوتقی نه بۆ، جا له پاشان برایم کوتی. ئەگەر هەر وایە با بۆ خۆم بەندێکی بانگ کەمێ بزانم کاکە میران دەڵێ چی؟

ئەوە برایم دەڵێ. دە وەرە کاکە میران ئەمن گەلێک گەلێک نوکەرێکی له وی به بەینەت‌ـو به وفا ـو به متمانم .

ئەمن گەلێک نوکەرێکی له وی به بنیاتم.

ئەگە نوکەر ـو دەست ـو پێوەند ـو حەگال ـو پیش خزمەتی ده کاکە میرانی دەهاتن هەر له وێ را هەتاوەکونی ده وه من به پێیه کە خۆ دەهاتم .

ئەمن نازانم ئەمن نه به کوشتم نه به بڕم نه به خەڵاتی.

نه له نێوانی چاوی دۆستـ‌و دوژمنان برایمی سواردەکەی دەی‌نێرییە سەر حیلی سورچی ـو زوراری ـو مام ساڵیان پێم دەستینی‌وه شەکە زکاتی.

میران دەنگی لێوە نەهات ده ـو بەندەش دا ئەوە هەر دەپارێتەوە.

ئەوە برایم دەڵێ. دەوەرە کاکە میران! سەرم دێشێ دڵی برایمە ڕەبەنە ماڵەی چەندی له وەرە وەرە وەرە.

دەنجائەوە تۆ سەری خۆت هەڵێنە بڕوانە کۆشکان پە نجەران دۆ دەریان شانیشینان‌کڵاو فەرەنگی دەکاکە میرانی سێبەریان له برایمە ڕەبەنە ماڵەی دەهاتنەوە ئەو بەرئەو بەرە.

یان حەفسی زیندانی ئەبدیم پکە یان ئەوە بمکەوە دەر به دەرە .

یان ئازادم پکە هەی‌داد ـو هەی بێداد گوناحی ده برایمی گەلێک گەلێک زۆرن با چی دیکە گوناحی دۆست ـو برادەری مه جلیسەکەی ده کاکە میرانیم نه یەتەوە سەرە .

دیسان هیچ قسەی دەگەڵ نەکرد ئەو جارەکە کوتی : فایدەی نیٚ بابەندێکی بانگ کە میٚ رقی پیٚی هەستیٚ .

ئەوە برایم دەڵیٚ . دەوەرە کاکە میران! هەیداد ــو هەیبێداد سۆندێکم خواردو وە بە خودای ــو بە پێغەمبەری دە ئاخری زەمانیٚ .
بترازینم کۆسەی خەنجەری هەڵ کێشم دەبانیٚ .
پەنجا کەلاکان فڕیٚ دەدەمەوە لە مەجلیسەکەی دەمیری ــو هەر لە دیوانیٚ .
فایدەی نیٚ با برایمی بگوژن لە سەر دوٚ چاوە بەڵەکەکانی دە خاتوٚن پەرخانیٚ .
ئەوە برایم دەیکوت . بەینەڵڵا مەردی ئەگە وا مەرد نەبای هەڵ نەدەکەوتی لە یەکانیٚ .
نەوە مس دەکەوی لە حەو تەبەقەی دە عەرزی نە وە مس دەکەوی لە هەشت تەبەقەی دە عاسمانیٚ .
نەوە مس دەکەوی لە کن وەزیر حەزەمی دە بەغدایێ نە وە مس دە کەوی لە کن سوڵتانی ئەستەمبوڵیٚ نە وە مس دەکەوی لە کن حاکمەکەی دە سەقزــوبانیٚ .
رەبی برایم ماڵت وێران بیٚ ئەگەر ئەتودەهاتی دەرکە بەقوڕیٚ گیراوەکەی دەمیرانی چەندم پیٚ دەکوتی عەبین ئەوان حیزەفێڵانە دانیٚ .
ئەلعانە کە لە پێشت ڕۆدەنێم مسحافیٚ دەژێر چۆکانت دەنێمەوە هەر سیٚ جزمەی دە قورعانیٚ .
دەوەرە لە بوٚم وەگێڕە بزانم قەول ــو قەرارت چ بوٚ لە سەر کانیلەی دەغومارۆیە دەگەڵ دوٚچاوە بەڵەکە کانی دە خاتوٚن پەری خانیٚ .
ئەوە برایم دەڵیٚ : دەوەرە کاکە میران! سەرم دێشیٚ دڵم راناوەستیٚ لە بەر ئەویٚ نەکاوی بە مانگی دە کانونیٚ بە چلەی دەزستانیٚ .
کەیفت بیٚ نیٚ لە عەرزی رەش دەکەیەوە رەشە راویٚ مەیلت بیٚ نیٚ برایمی دەسوتیٚنی بە ئاوری ، هەرکەس ئەو قسەی لە مەجلیسەکەی دەکاکە میرانی کردووە رەبی خورەی پکەویٚ لە سەری دەزمانی ، یارەبی لیٚی پکاتەوە بە تیر ئاویٚ .
دەوەرە کاکە میران بە سەری تو ئەوە نوکەرە سەگ بابەکەم رۆی بوٚ دەستم دەداوە سەتڵی لە بوٚ بارگینی سە ککەت لیٚ دراو بێنم سەتڵیٚ کی لە وی دە شەواویٚ .

ئەوە خاتوون پەریخان نەبوو کچی وەزیر عەزەمی د دەستە را ستێت بۆ حەوت سال بۆ پێوەبوو قاسیدێکی بە بە ینەت ــ و بە متمانی وە مست نە دەکەوت پری دەسروکێکی لە بۆ کاکە میرانی دەناردن توحایە ــ و دەگەڵ ئەوێ سڵاوێ.

ئەوە میران دەڵێ : برایم! بە سەری تۆ ئەوان قسانەت بە خڕی درۆ ن هیچی کەڵکێ ناگرێ .

دەرت دەکەم بە مانگی دە کانوونێ بە چلەی دە زستانێ ، بەکلوی کلویی دەبە فری .

بە سەری چەپەر چینێ سپێ ڕێژی هەوارەمانگی کانێ خوڵای ــ و کانێ دە تەڕە زەنێ دۆڵی ئاسینگەران لەو کۆستانی دە عەزیمەت بارگین ببێتەوە سەرەن گرێ .

ئەگەر دە بن بارستی بەفران دا نەرزی .

دەبێ بەهاران لە کۆنە ئاشان‌دا پکەوی خەبەرم بۆ بێ بڵێن برایم لێی کردۆتەوە بە ئیسقایی ــ و بە وێ ئازارێ دەمرێ .

ئەوە برایم دەلی : دەوەرە کاکە میران! وەفای ئاغایان هیچ نییە ئاخری لە نۆکەران دەبۆنەوە بە قاتی .

ئەتۆ وەبیرت نایە ئەمن حەوت ساڵانم بە کۆڵی کەرێ شین دەگێڕای لە مەملەکەتی دە عێراقێ ــ و هەر لە وڵاتی .

ئەڵعانەکە بە قسەی شەیتان ــ و شوبران دەرم‌دەکەی بە مانگی دە کانوونێ بە چلەی دە زستانێ لە خاپوورە وەڵاتی .

هەی داد ــ و هەی بێداد ئەمن غەمی ئەوەم نێ ئەوە تۆ ئەمن دەردەکەی لە خاپوورە وەڵاتی .

بەڵان ئەو حەیف ــ و جخارە برایمی دەکوژێ چ پکەم تاق تاقەماچی دە خاتوونێ لە برایمی دەبنەوە بە قاتی .

ئەوە میران دەڵێ : برایم! سوێندێکم خواردو بە خودای ــ و بە پێغە مبە ری دە ئاخری زەمانێ .

ئەو جارەکە هەرتک ــ و دەردەکەم دەگەڵ خاتوونێ یەک ــ و دەنێرمەوە گە رمێنی دە گەرمەسێر ــ و یەک ــ و دەنێرمەوە کۆستانێ .

قاسید حەو کاڵەی ئاسن ـ و لە دوو بدزیٚ هەرگیز بە مزلیٚ ـ و قەت قەت نەزانیٚ.
ئەوە برایم دەڵیٚ؛ دەوەرە کاکە میران! ئەمن سەرم دیشیٚ دڵی برایمی را ناوەستیٚ
لە بەر باری دە جخاران.
شەرت بیٚ سەری برایمی ببرن ـ و بەدەنی برایمی رایەنن بە شەققە مشاران.
ئەمن قەت قەت وەدەر ناکەوم لە حەوشان هەر لە حەساران.
هەتا لە پێشچاوی دە کاکە میرانی دەگەڵ خاتوونی نە برمەوە هەموو قەولان دەگەڵ
هەموو قەراران.
جامیران کوتی دەری‌کەن ئەو سەگ‌بابە دەم‌کوژیٚ جا یەکێک لە مەجلیسەکە ی
راستەوە بوو، پیلی برایمی گرت کوتی؛ برایم! خوێن بەری چاوانی گرتوی بەد بەخت
بڕوٚ دەریٚ ئاغایە رقی هەستاوە، دەمێکی دی پەشیمان دەبێتەوە ئەتوٚ بوٚچی سواری
سەری دەبی پیلی برایمی گرت، یەکێکیش بە غار چوو رۆیە کن خاتوونی کوتی.
خاتوون! برایم ـ و میران تێک‌گیراون ئەگەر نەیان گەییٚ مەعلوم یەکیا ن یەکیٚ
دەکوژیٚ.
جا خوٚی رازاندەو. خاتوون هات ئەگەر هات، کابراش برایمی‌برد. لە سەر
خواجانشینان بە پیٚ پلیکانان‌دا دەرۆیە خواریٚ گەیشتە بەر دەرکی پەنجەرەی ـ و
تووشی خاتوونیٚ بوو دەستی هاویشتە سەر ئەستوٚی ـ و پیٚ‌ی‌کوت کوتی؛ خاتون! ئەمن
حەوت ساڵان میرانە گولەیٚ کاکتم دەگێڕا لە مەملەکەتی عێراقیٚ سەبارەت بە چاوی
توٚ ئەمن حاشیرەتێکم، مەلازێندینم سوت ماڵم پشتی خوٚم‌هەیە ئەمن بوٚیە دەستم
لە پشت ـ و حاشیرەتی خوٚم هەڵ‌گرتووە سەبارەت بە چاوی دە توٚ، ئەلئان ئەورۆ
میران دەرم دەکا نازانم ئەتوٚ دەڵیٚ‌ی چی؟ کوتی؛ برایم! تازە قسەی من ـ و توٚ
بڵاو بوٚتەوە، بیٚ فایدەیە ئەمن ئەگەر بمرم بە مردن ئی گلیم بە ژین ئی توٚم غایەتی
ئەوە دەچمە سەریٚ تکایەکت بوٚ دەکەم بزانم ئەو سیٚ مانگە جستانەی لێمان ناگەریٚ
بیگوزەرێنین ئەگەر تکای گرتم چاکە ئەگەر تکای نەگرتم فکرێکی دیت بوٚ دەکەم.
جاخاتوون رۆیی بوٚ سەریٚ برایم بە دوای‌دا گەراوە هات لە سەرخواجانشینان
دانیشت. خاتوون لە مەجلیسی کاکە میران ئەوە دێتە ژووریٚ جا ئەوەبانگی کاکی دەکا.

ئەوە خاتوون پەریخان پەردەی لە کاکە میرانی کاکی هەڵداوە .
لە مەجلیسەکەی میری دەکردەوە سڵاوە .
دەڵێ : دەوەرە کاکە میران! خوشکێ خۆت لە تۆ دەکاتەوە تکایە .
بۆخاتری حەزرەتی عەلی لە سبحەینێ وە تا وەکونێ ئێوارێ سواری دوڵدوڵی دەبۆ
دەستی دەواوە زولفەقاری دەگەڵ کافرانی دەکردەوە خەزایە .
بو خاتری خالندی بنی وەلی ئەگەر هەژدە لفکەی بەر دەدانەوە بەو عەزمی دە خەزایە .
دەوەرە کاکە میران ! ئەمن ئەتۆم گەلێک گەلێک پێ گە ورەترە لە ڕۆستەمی زەمانەی
ئەگەرسواری رەخشی خۆی دەبۆ لە قەڵای سپی حەساری دە غەزری ــ و دە گەڵ
دێوی سپی دەکردەوە دەعوایە .
ئەوە برایم گەلێک گەلێک نۆکەرێکی بە ئەمەگە مەردێکی تەواوە لە دنیایە .
نە بە شەوی تاریک هەڵدەگری فانوسێ نە لازمییەتی چرایە .
ئەتۆ بە قسەی شەیتان ــ و شوبران برایمی دەردەکەی بە مانگی دە کانونی بە چلەی
دە زستانێ لە نێوانی چاوی دۆست ــ و دوژمنان ،لە برایمی رەبەنە ماڵەی گەرێ با
بە هارێکی رەش ــ و خۆشی بێ بە سەر دایە .
ئەوە میران دەڵێ . خاتوان ! خوشکێ ئەوە منسۆندێکم خواردووە چ سۆندی دیکەم
پێ ناخورێ .
برایمیدەردەکەم بە مانگی دەکانونێ بە چلەی دە زستانێ بە کلو کلوێی دە بەفری
بە سەری چەپەرچینی ،سپێ رێزی هەوارەمانگی کانێ خوڵای ــ وکانیلەی دە تەرەزنێ ،
دۆڵی ئاسینگەران لە کۆستانی دە عەزیمەت بارگین ببێتەوە سەرە نگری .
ئەگە برایم دەبن بارستی دە بەفران دا نەرزێ .
دەبێ بەهاران لێی پکاتەوە بە ئیسقایی برایم بە وێ ئازارەی بمرێ .
ئەوە خاتون دەڵێ . دەوەرە کاکە میران! خوشکێ خۆت لە بەر ئەتۆ دەگری ،هەر تۆ
کەزبێ ئەتۆ بە مانگی کانونێ بە چلەی دە زستانێ برایمی دەردەکەی حەیفە سڵاــو
قەت کەسی دە خاتونێ نەمان دوت لە سەری برایمی ،حدیقە ئەو بەدەنی دەزەردــو
زۆڵ دە بن بارستی دە بە فران دا دەرزێ .

ئەوە خاتون دەڵێ: دەوەرە کاکە میران سەڵا ــ و قەت کەسی دە خاتوونێ نەمان خۆ ئەوە من نەم دەزانی دەر کردنی برایمی وا بە موتڵەقە .
دەنا ئەمن ئەوە لە بۆ برایمیم دەکری جانو ئەسپێکی کۆت چەقڵی لەوی دەسم تەبەقە.
لە بۆ برایمیم دەکری دە مانچێکی ئە یبەگی دانیسقەی چەخماڵ فەرەنگی دەگەڵ شیرێکی دەبانی لە وی دە نەرمەلەقە .
برایم سواری ببا سەری کۆستانی چەپەرچینێ ،سپی ریز ــ و هەوارەمانگ ــ و کانییە خودای ــ و کانیلەی دە تەڕەزنێی پێ کرباوە شەقە.
نەبادا برایم دە بن بارستێ دە بە فرێ دابرزی حیلی میربداغی وە سە ر نەکەوی داخودا چ کۆنە قەعبێک نوکە چەکمەی وە بەر سەری برایمی هەڵدا بڵێ ئەوە چ گول ــ و گورانێکە سەرما لێرە کردویەتەوە رەقە.
میران لە خاتوونێ تۆرە بو کوتی :بروا دێڵە قەعبەی سوزمانی وە دەری نین جا نارواتە دەرێ ئەو بەندەش دەڵێ بە گریان ، برایم دیتەوە زۆرێ .
ئەوە خاتون دەڵێ :گۆــولە من بێ گەرێ دە مەجلیسێ گۆــولە من بێ گلی دە دیوانێ !
ئەمن دەگێڕمەوە گەرمە شینێ ئەهلی شارەکەی دە غومارۆیە بە خزی لە بۆ برایمی دەگێڕنەوە داستانێ .
ئەو ساڵەکە حەو ساڵە شەدێکە کۆڕ حوسێنیم کریوە چەندم لێ داون بە رتیــلی دەریشو ە بادانی .
سەڵا ــ و قەت کەسی دە خاتوونێ نەمان ئەلحانە کە برایم زیزە دەروا لە سەری نانێ .
ئەوە برایم دەڵێ: دەوەرە خاتوونێ! سەرم دیشێ دلی برایمە ر ە بە نە ما ڵەی راناوەستێ لە بەر ئەوێ نەکاوێ .
ئەوە برایم دەڵێ. دەوەرە خاتوونێ! سەرم دیشێ دڵی برایمی لە بەر بارستی دە غەمان را نابەزێ .
حەک دایکی برایمیت بێتەوە بە قوربانی ، قۆپەنی دە شا کەزیانت بە برایمی بمێنن بە سەر تۆپی دە قەنەوزێ.
دە هەرۆ! بارگینم لە بۆ عەوێزکە دەگەڵ بارگینی میرانە گولەی کاکت بە باڵەتەنگی

هەڵبدە جوتێکە تۆبزی .
خۆم بۆ باوێوە سەر جۆتێکە کەوشی کوژەکی ئەمن خۆت بۆ داوێمە سەر رکێفان بیست ـو پێنج راموسانم لە گەرنێ حەلاڵ دە ە بە سیزدەیان بە ئاشکرایی ـ و دوازدەیان بە دزی .
ئەمن زامنیکی هەزار ـو پێنسەت تمەنی دەدەم بە خاتۆنێ قەت قەت بە دەنی برایمی دە بن بارستی بەفران‌دا نەرزێ .
جامیران کوتی : دەریان کەن! ئەو سەگبابە کەلەگاییم لێ دەکا . جاپلییان گرت برایم وە دەر کەوت بە خۆ ـو بە خاتۆنێ میران حوکمی دە سەر برایمی کرد کوتی . دەبێ ئەلحان دۆ سەحاتی رۆژماوە بۆ نۆژی ئێوارێ دەبێ بە مانگی کانۆنێ بڕۆی .
خاتۆن رۆی دە برایمی کرد کوتی : برایم! بەد بەخت نازانم ئەمن هیچ وەڵاغیک نییە تێی راببینم . ئەتۆ لیرە برۆی لە خومارۆیە بچێ کن هەچ ئاغایەکی کاری من ـو تۆ وە پاش دەکەوێ بەدبەخت دەبین ، ئەمن بۆ تۆ نابم ،ئەمان ئەگەر رێ ـو راست بچییە ماڵە میرحەجی کاکم ئەوەلە کانییە رەشێیە میران هیچ حەقی نامێنێ ئەمن لە قیس ئەتۆ ناچم .
ئێوارە بۆ کوتی . جا ئەمن فکرێکم بۆ کردوی بەد بەخت نازانم چلۆنت بەرێ کەم . ئەو فکرە نەبێ نەت ماوە فکرا کوتی . چییە؟ کوتی . ماینێکی ماڵە کاکە میرحەجی لێرەیە چل شەوی هاوین ماوە لە بەر جانوێ یەکبڕ دەیمژێ رایان گۆستۆتەوە ئەو ماینە بەڵەدە بە بەفری مۆردا دەچێ مەگە ئەو ماینە بتباتەوە بۆ کانێ‌رەشێ دەنا هیچ وەڵاغێک نات‌با .
دۆ سەحاتی رۆژ مابۆ ، مەعمۆری دە سەر بۆ ، کوتی : دەبێ دەری کەن! ئنجا ماینەکەی بۆ زین کرد بە قەرەواشەکەی کوت : جامێک ئاوی کوڵیو بێنە رایگرە هەر دەمایەکی چاوم لێ هەڵ تەکاندی بێنە بم‌دەیە بەڵێ جا خاتون راوەستا ـو تەرتیبی برایمی دا چەندی باڵتۆ دەبەرکرد ـو چەندی دەسکیش دە دەستان کردـو ساز بو ، دە سوار بۆنی‌دا برایم هات سوارێ بە قەرەواشەکەی کوت : ئاوەکەم دەیە!

ئاوەکەی لێ وەرگرت ـ و جامە ئاوە کوڵیوەکەی دە بن قونێ کرد .

دەڵێ . برایم ئاورێ وێدا کوتی : خاتون! میران ئاغابۆ ، ئیختیاری هەیە ساحەبی خومارۆیەیە پێی دەکرا پشم کوژێ ئەمما ئی تۆ گرانتر بۆ بەو نۆژی ئیوارەی دو سەحاتی رۆژ ماوە ئەمن بەو کوێستانی عەزیم‌دا دەروێم ئەو ئاوەت بۆ دە بن قونێ کردم ؟

جا خاتون دەستی بە گریانێ کرت کوتی : سەڵا ـ و قەت کەسی دە خاتونێ نەمان برایم ! لە بەر کەرێتی خۆت دە کۆدا دە تۆپی ئەتۆ فە سڵێک دەبێ لەو کوێستانەی بێ زمان دەبی لە سەر ماینێ دەکەوێ خوارێ دە بن بارستی بەفرێ‌دا دەرزی ، ئەما ئەو ئاوە دەت بەستێ حەتمەن مەگە خودا ئەجەلت بێ‌نێ دەنا ماین دەت باتەوە دەرکی ماڵە میر حەجی ئاوەکەش دەت بەستێ ناهێڵێ پکەوی .

جا دەڵێ : برایم رۆیی بە عومری خودای خودا دەزانێ هەتا هۆشی بۆ رۆیی ئەو جار زمانی شکا ، دەڵێ دو سەحاتی رۆژ ما بۆ ، شەش سەحات لە شەوێ چو بۆ ، بۆ بە هەشت سەحات گەییە کانێ رەشێ چو دە دەرکی میر حەجێ‌وە . میر حەجیش پاڵی وە پاڵە ـ و پشتێ‌دابۆ لە بەر پەنجەرەی دانیشتبۆ . دەڵێ ماینەکە چو دە حەسارێ‌وە ، ئەگە چو دە حەسارێ وە ، حەوزی حەساریش رەشایی بۆ ماینەکە چو بۆ سەر حەوزەکەی حیلاندی میر حەج کوتی : کورە! دەرکی بەهار بەندا ن کراوەتەوە ، بە نوکەرانی کوت : بزانن وڵاغ بۆ ! حیلەی وڵاغان بۆ !

جا ئەگە نۆکەران دەرپەرێن تەماشایان کرد مقەبایەک راوەستابۆ ، دەنگیان‌دا ، جوابی کەسی نەداوە ، هاتنەوە کوتیان : کاکە میرحەج ! سوارێک راوەستاوە بێ زمانە ، قسان ناکا هاتنە دەرێ ، ئەگەر هاتنە دەرێ تەماشایان کرد ، میرحەج روی تێ‌کردن کوتی . کورینە! ئەو سوارە بە قەڵافەتی زلی برایمە ئەوەش ماینی خۆمە غایەتی برایم بەو جوان چاکێ‌ی ئەو کابرایە رەشە عەرزیان‌کرد . قوربان! ئەوە رەش نییە سەرما رەشی کردووە .

جا ئەگەر هێنایانە بەر ئاوری دەڵێ : حەکیمی بێنن کابرایەک هەبۆ ، حەکیم بۆ ، زۆر شارەزا ـ و دانا بۆ حەکیمی وا لەو شارەی دا نەبۆ هێنایان ، برایمیش

ئەوە بێ زمان کەوتووە کە هێنایان میر حەج ڕوّی تیٚکرد؟ کوتی: ئەگەر بێت ـو چارەی برایمی پکەی ـو نەمرێ سەت تمەنت دە دەمێ. سەت تمەنی ئەو زەمانی مڵکی کردووە. دەڵێ کابرا پیٚی کوت. ئاغا! سەت تمەن مڵکی دەکا سەت تمەنی بۆ دە دەی بە من ئەوە خۆ بریندار نییە، کوتی: هەرچی هەیە دەبێ فکرێکی بۆ پکەی بزانی بە چی چارەی دەکرێ. حەکیمەکە پیٚی کوت،کوتی: ئاغا! هەر دەرمانێکی لیٚی پکەی دەمرێ تەنانەت شتێکی دەگەڵ دەکرێ ئەویش ئەوەیە حەمامی ژنانی بۆ پکەی، بە حەمامی ژنان، بە گەرمای بەدەنی ژنێ دێتەوە سەرە خۆ تەواوی ڕەگی بەدەنی خوێنەکەی تیٚدا بوٚتە سەهۆل لە سەر سوارێ ئەو خوێنە دەبێتەوە خوێن نامرێ عەلەمیشی لیٚنابێ دەنا هەر چی لیٚی پکەی دەمرێ.

جا دەڵێ کوتی: پچن ژنی کابرایەکی کرمانج ـو کێ ـو کێ بێنن دەڵێ میر شیخ برای نیونجی بۆ وەی کوت. میر حەج روی تیٚکرد کوتی. چۆن دەکرێ پیاو داوای ژنێ لە کرمانجی پکا ـو حەمامی ژنانی بۆ نوکەری پێ بگرێ؟ ئەو قسەیە باسی سەرە ـو ئابرۆ چۆنی تێدایە، نابێ‌تێ، جا میرحەج دەستوری دا ژنەکانی خۆی دە باڵ کرد.

میر حەج سێ ژنی هەبۆ کوتی. هەر نۆ تەڵاقی میرحەجی کەوێ لەو سێ ژنانە هەرچی خەبەرم بۆ بێنێ بڵێ برایم نەمردووە ـو چاوی هەڵێنا بۆی تەڵاق دەدەم.

پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی
پرتال جامع علوم انسانی

ئینجا هێنایان حەمامی ژنانیان بۆ کرد، هەرسێک خۆیان دە باڵ کرد برایم کە بەدەنی گەرم داهات ـو چاوی هەڵێنا حەمامی ژنان بۆ لە دەرپیٚی بەدەر دەبیٚی دا نێ ـو ئەوە ڕۆتە، بەڵێ جا دەڵێ. دەوەی‌دا ئەگە ئەو حەمامەیان بۆ کرد برایم چاوی هەڵێنا تەماشای کرد هەر سێ ژنی میر حەجین، لە خەجاڵەتیان چاوی لە سەر یەک داناوە.

ژنی چکۆلە هەستا کراسی دەبەر کرد ـو خەبەری بۆ میرحەجی برد، ئەگە ڕۆبی کوتی. میرحەج! کوتی: دەڵیٚی چی؟ کوتی: برایم چاوی هەڵێنا جا ئەوی دەمێ ئەوانی دیش هەستان خۆیان توندکرد ـو برایم لە مەیدانێ ما، کە

نوکەرانێوه خۆری کوتی: بچن کەوا ـ و شتی دەبەر کەن مەیدۆنن قسەی دە گەڵ مەکەن.

هاتن کەوایان دە بەر کرد ـ و برایمیان بردەوه مەجلیسی میر حەجی، میر حەج کوتی: خواردەمەنێکی بۆ بێنن بەڵێ! جا ئەو خوارنێکی بۆ پیاوی لەرێز دەچێ هەڵوایەک شتێک بۆ دەزاریانکرد، خواردی، لەپاشان کە هاتەوه سەرەخۆ، میر حەج رۆی تێکرد، کوتی. برایم! کوتی: بەڵێ ئاغا! جا کوتی: برایم! پێمبڵێ کۆت سەرما بردۆیەتی کوتی: ئاغا! هیچکۆ.

کوتی: برایم! ئاقڵی وەک جاران؟ کوتی: بەڵێ!

کوتی: ئەمەدەناسی؟ کوتی: بەڵێ!

جاکوتی. برایم! پێمبڵێ بۆ وات لێهاتووه؟ وەک ئەمن عەرزی وەمکرد کوتی: ئاغا! لەسەر خاتۆنێ میران دەری کردۆم جا کوتی. برایم! ئەمن قەول ـ و قەرارێکم دەگەل کردوی لەو سێ ژنانەی خۆم کەحەمامم بۆ کردۆی کوتومە هەر کەسێ خەبەری بێنێ ئەمن بۆی تەڵاق دەدەم. ئەگەر قەبوڵ دەکەی ژنی چکۆڵە خەبەری بۆ هێناوم تا بۆت تەڵاق بدەم! ئەوانی دی هەرچی دەستی لە سەر دا دەنێی.

برایم سەری هەلینا دە ـ و میزانەی دا دەستی دا خەنجەرەکەی ـ و دە بەرخۆی راکردەوه، رۆی تێکرد، کوتی: کاکە میرحەج! ئەگەر لێم بە دەهۆی دەڵێی دەگەڵ خوشکی منی لێ قەلماوه ئەو رۆ خودا نەیکوشتۆم ـ و هاتۆمە ماڵە تۆ، لە ماڵە تۆ نابم دەچمە ماڵە کابرایەکی دی. ئینجا ژنی تۆ خوشکی منن. مێینەی تەواوی دونیایە خوشکی منن حەڵاڵ لە برایمی حەرام بێ لە خاتۆنێ خوشکت بەدەر تا ئەمن روحم دە بەر دایە.

جا پێی کوت: برایم! چونکە وا مەردی شەرت بێ پەڵێک رەشەنگ دە سەری چەپەرچینێ دە دامێنی مێرگەچەکوێ کەوێ ئەمن خاتۆنێت بو بێنم ئەلێرەلێ مارەکەم.

جا ئەگەر ئەو خەبەرەی دایە میرحەج برای گەورە بۆ، برایم رۆژێ ئەو

پولێکی هەی‌بۆ سەڵت بۆ ، پاکی دەکردە قەرەپول شابی شابی دەی دا بە مندالان گڵی دەبرد لە دەراوی مێرگە چەکۆیەی دەکرد دەی‌کردە رەشانگ.

رۆژیکی لە سەر بانی میشێنیان دەکرد ، هەڵی کردە کرێوەی کە کرێوەکەی هەڵکرت میرحەج کوتی: بابم ! با پچینە خوارێ کرێوەی دەکا . کە هاتنە خوارێ ،برایم لە بەر پەنجەرەی دانیشتبۆ چاوی لەو پوڵەی بۆ کە دابۆی — و ئەو بەفرە رەشانگەکەی دادەپۆشی ،دە— و ئانەی دا میرحەج وە زۆر کەوت .بەندێکی بانگی میرحەجی کرت ، کوتی:

کاکە میرحەج! بە قوربانت بم نەم‌دیوە ئاغایان دەگەڵ نوکەری خۆیان پکەنەوە خیلافی دەگەڵ ئەوی درۆیە.

ئەتۆ سەری خۆت هەڵینە بروانە سەری چەپەرچینێ ، دامێنی مێرگەچەکۆیە ، سۆسن — و هەڵاڵ — و بە یبۆن سەری خۆیان لێک‌داوە، مەندۆک لە برایمی ماڵ وێران هاتۆتەوە ئەژنۆیە .

کاکە میرحەج ! بە قوربانت بم نەم‌دیوە ئاغا لە نۆکەری خۆی مەبیز بێ بە یەکجاری .

ئەتۆ سەری خۆت هەڵێنە بروانە سەری چەپەرچینێ ،دامێنی مێرگەچەکۆیە سۆسن— و هەڵاڵ — و بەیبۆن سەری خۆیان لێک‌داوە ، مەندۆک بەتاڵ دەکاتەوە رکێفی دە سواری .

میرحەج دەلی ،برایم! رەبی ماڵت وێران بێ نەم دیوە نۆکەر لە خۆرا لە ئاغای خۆی ببێ بە زیزە .

ئەلئان ئەمن دەهاتمە خوارێ ئەوەلی زستانێ بۆ مانگی کانونێ کرێوەی دەکرد کۆی‌را لە برایمی مال وێران بۆ بە بەهارێکی سەر لەقیرە ؟

جا کوتیان: ئاغا! ئەتۆ بێ خەبەری مندالان بە کرێ دەگرێ،پوڵیان دەداتێ گڵی بەرنە دەروای مێرگەچەکۆیە ،ئەتۆ فەرمۆتە سەری چەپەرچینی — و دەراوی مێرگەچەکۆیە رەش بێتەوە ئەمن خاتۆنێت بۆ دێنم ،دەچێ دەی‌کاتە رەشانگ.کوتی: خۆ ئەمن دیومە هەر نۆ تەلاقم کەوێ لە من وایە مندال دەچن تەپکەی دەنێنەوە .

جا دەو مەجلیسەی دا میرشیخ لێی بڵیند بۆ کوتی : کاکە! ئەتۆ لە میرانی خراپتری کوتی : بۆکوتی : لە میرانی خراپتری! برایم سەد ماڵی پشتێ خۆی هەیە دەستی لە ماڵ ـو عەشیرەتی خۆی هەڵ گرتووە نۆکەری ئەو براگولەی بۆ حەو ساڵانی گێڕا ئەلحان لە سەر حافرەتێکی هیچ ـو پووچ دەری کردووە لێی دەکاتە خەمدەر پێی دەمرێ. کوتی : جا دەڵێی چی ؟ کوتی : دەرحەق ئەو سێ مانگە زستانەی ژنێکی لێ مارەکە! کچی وەزیریان لێ مارەکرد. شەوێ زاوابەندیی بۆ بۆیان هێنا ئەگە بۆیان هێنا چۆ لای بۆکێ خۆی ڕۆتەوە کرد کوتی . کچێ وەزیری بە خێری! بێ ئەوەی تخونی کەوێ سەری نایەوە.

تا پازدە شەوانی لە کن بۆ ، هەر ئەوی شەوێ کوتی کچێ وەزیری بەخێریێ ڕۆژێکی دایکی عافرەتەکەی لە ژێڵڵا دەهات ، برایمیش لە سەر بانی بۆ کە دیتی دایکی کچێ دێتە لای کچەکەی ، چۆ لە پاش دەرکێ ڕاوەستا ، دایکەکە بە کچەکەی کوت : دەگەڵ ئەو کابرایەی نێوانت چۆنە؟ کوتی . دایە! دەگەڵ ئەو کابرایەی نێوانم چۆنە؟ پڵاو ـو گۆشتی میرحەجی زۆر ـ و زەوەندە هەر دەمەی ژنێ کیان دێ دەگەڵ ئەمن دەیخوا . ئەو کابرایەش ئەگە لێی دەپرسی پیاو نییە پازدەشەوە ئەمن هاتوم هەوەڵ شەوێ کوتویە کچێ وەزیری بەخێری ئەگەر سەری وە سەرسەرینێ کرت هەژدیهای پێوەدا ناسوزێ. کوتی : جا ڕۆڵە! عیللەتی ؟ کوتی : وەڵاهی نازانم یا پیاونێ یا هێندەی خۆ پێ زلە ئەمنی پێ هیچە یان هێندە کەرە دڵ ـ و گۆی نێ.

پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی

برایم چۆ ژووری خەسوی بە خێرهاتن کرد . لە پاشان سەری هەڵێنا کوتی : ئامۆژن ئەتۆ بە شەرع دایکێ منی ئەو کچە ئەگە هاتووە هەر کچە ، ئەگە کچ بێ هەر کچە ئەگەرکچیش نەبێ خوا نەخواستە نازانم لە کن کێیە . ئەمە مەلازێن دینین قاعیدەن وایە تا مانگێکی سەر جێی بوکێ ناکەین . ئەگە وەی کوت ، کچە کە کوتی پازدە شەوم چۆ پازدەی ماوە . لە دایکی قەڵس بۆ ، دایکی کوتی : ڕۆڵە! ئەنگۆ قایلن ئەمن بڵێم چی . دایکی هەستا ڕۆیەوە .

بۆ شەوی برایم هاتەوە پێی کوت . ئەمن سێ قسەم گۆلێ بۆ ، بە دایکت

کوت ئەوقسانە دە من دا مەوجود نین ئەگە دەلێ ی پیاونیم پیاوم .ئەگە دەلێ ی خۆشم ناوی ی لە چاوی خۆم خۆشتر دەوی ی .ئەمائەمن سۆندێکم خواردووە ، دەگەڵ خاتونێ نەبێ دۆخینێ من بە حەڵاڵێ ـ و بە حەرامی لە کەس ناکرێتەوە . ئەگەرتا سەد ساڵی دیکە خاتونم پێ نەبڕێ ئەتۆ هەر کچ دەبی ،کە هاتو خاتونم بۆ هات شەرت بێ لە هەوەڵ شەوێ بەدەر فەرقۆ پێ نەکەم .

جا کچی وەزیری کوتی : کارت نەبێ . بەیانی کە میرحەج وە دەر کەوت ، چۆ وەتاغی میرحەجی میرزا چاک بو حوقە ــ و قەڵەمی هێنا ،کاغەزێکی نوسی مۆری میرحەجی پێوەنا . لە میرانی نوسی . فەرشێکن کردووە ، تەون کەرەکەی مردووە ،کەزێکی ماوە فەرشەکە بکرێ کەس نییە کە کەرت ـو وێنەی بزانێ هەڵبەتا بە گەینی ئەو کاغەزەی سەد پیادە ـ وسەد لباد بە حوکمی لبادان ــ و پیادان لە خومارویەرا خاتونێ دە نێربیە کانێ رەشێ .

دۆ پیاوی بە کرێ گرت ــ و کاغەزەکەی دانێ ،کوتی : بە دزی بە خاتونێ بڵێن .ئەما بە میرانی مەڵێن .برایم لە وێیە .پیاوەکان رۆیین کاغەزەکەیان دایە دەس میرانی ، میران کە تەماشای کاغەزەکەی کرد .لێ ی پرسین .برایمی مەلازێندینان لە وێیە ؟ کوتیان :خێر ئاغا !برایمن نەدیوە . فیکەی سمێلی هات کوتی :بانگی خاتونێ کەن !خاتون کە هات ،کاغەزەکەی دایە دەستی ، خاتون کاغەزەکەی خۆندەوەــو کوتی :دەلێ ی چی ؟ کوتی :بڵێم چی ئەمن دەسەلاتی میرحەجی برام نێ ئەگە دەچی ئەمن پیاوانت دەگەڵ دەنێرم ئەگەر ناچی سبەینێ میرحەج بڵێ بۆ نەت ناردووە خەتام مەگرە دەڵێم خاتون نەهاتووە .کوتی ئەو پیاوانە نانیان خواردووە؟ کوتی :خیرا کوتی : کە وایە بیان نێرە با نانیان دەمێ .لە مەجلیسی میرانی وەدەر کەوتن ،لە پیاوەکانی پرسی .برایم لە وێیە ؟ کوتیان بەڵێ .پولێکی دانێ بە خەلات

بۆ سبەینێ بار ــ و بارگنە یان تێک نا رۆین بۆ کانێ رەشی .

کچی وەزیری پێ ی ئەسپاربون کە دەشمو ێدا بگەنێ ، تا میرحەج پێ نەزانی .ئەو پیاوانەی کە دەگەڵ خاتونێ هات بون ، ناردنیە ماڵە بابی ،خاتونی بردە کنە خوێ .

له مەجلیسی میرحەجی نان‌خورا ــو ڕوی ده مەجلیسیێ کرت کوتی: نوردێنیێ دانیێ! برایمیش دانیشت بۆ، میرحەج سەری وه سەر رانی برایمی کرد، سەر گەرمی قسان بۆن. لەو دیویش ژنانی میرحەجی به خاتۆنیوه چۆن، به خێرهاتنیان کرت. دەستیان به قسه ــو جەفەنگان کرت.

برایم له مەجلیسی میرحەجی دانیشت بۆ بۆ خۆی له کانی‌ڕەشێ ــو روحی له خومارۆیه بۆ. بێ خەبەر له وەی که خاتۆن پریخانیان بۆ هێناوه.

بەلێ! خاتۆن ــو ژنانی میرحەجی جەفەنگیان لێ دەدا، خاتۆن پەریخان قاقای کێشا، برایم گۆی لێ بۆ. ئەگه گۆی لێ بۆ. هۆشی لێ برا که سەری میرحەجی له سەر رانێ، گۆی میرحەجی گرت ــو سەری به قەرشەکەی دادا. میرحەج سەری هەلێنا کوتی: برایم! ئەوه شێت بوی ؟خەرفاوی؟ چی؟ شا تەمەلوقی دەکرت ئەتۆ نوکەری بی. بەد بەخت ئەلئان سەری منت بۆ به و فەرشەی دادا؟ کەئەغیار بۆوه برایم‌زانی کارێکی خراپی‌کردووه ڕوی ده میر حەجی کرت کوتی:

ئاغا! سەرم دێشێ دلم راناوەستێ له بەر ئەوێ نەکاوێ.

بێنه سۆندت بۆ پخۆم به خودای ــو به پێغەمبەری ده ئاخرزمانێ.
پێم حەیب نێ خزمەتی بۆرم ــو بدەوی تۆ پکەم له ئێختەــو له ئێخته خانێ.
پێم‌حەیب نێ وەک قەرەواشان قاپ ــو کەوچکی مالە کاکه میر حەجی هەلگرم له مدبەق ــو له مدبەقخانێ.

چپکەم ئەگەدەم‌کوژی ــو ده م برێ‌له بنی گویانم خۆش هات‌قاقای خاتۆن پەریخانێ

کوتی: سەگ باب! خاتۆن پەریخان له خومارۆیه ئەتۆ له کانی‌ڕەشێ له کۆیت گۆ لێ بۆ؟ کوتی. ئاغا! له مزلێ خۆم. ئەگەر وەی کوت. میرحەج رقی هەستا کوتی: کورەا دادەی ئەو تەشتەی بێنن. تەشتیان هێنا له ویان دانا کوتی: هەر نۆ تەلاقی میرحەجی کەوێ ئەگەر له مزلێ تۆ بێت لێت ماره دەکەم، له سەر قسەی خۆم هەر ماوم، ئەگەر له مزلێ تۆ نەبێ، هەر نۆ تەلاقم کەوێ له سەر ئەو تەشتەی سەرت دەبڕم. کوتی: ئاغا! خۆنی من به تۆ حەلال بێ کوتی: دا

بانگی کەن! کە چوّنە ژوّریّ تەماشایان کرد خاتوّن لە ویّ دانیشت بوّ.خاتوّنیان بانگ کرد، کەهات ــ و لە میرحەجی وە ژوّر کەوت ،میرحەج عەبەسا. کوتی. خاتوّن! فریوی؟ قەلی؟ کوتری؟ بە چەرخ ــ و فەلەکی هاتوی؟ چی؟خاتوّنیش کاغەزەکەی کە لە میرانی وەرگرتبوّ، دایە دەستی ،میرحەج کە تەماشای کاغەزەکەی کرد روّی دەبرایمی کرد کوتی: برایم! ئەتو ئەو کاغەزەت نوسیوە؟کوتی: ئاغا! بە سەری توّ بیّ خەبەرم پاش سەد سالی دی ئەگە عیلم ــ و خەبەرم تیّیدا بوّ بیّ خوّنم هەر بە توّ حەلالّ بیّ.روّی دە میر شیّخی کرت هەروا ،روّی دە وەزیری کرت هەروا روّی دە مەجلیسیّ کرت هەر وا ،بە خاتوّنیّ کوت پچووە جیّی خوّت. کوتی: هەر نوّ تەلاقم کەویّ خوارنم لیّ حەرام بیّ تا نەزانم کیّ ئەو کاغەزەی لە میرانی نوسیوە.

ئەوی شەویّ نوستن،سبەینیّ زوّ کچیّ وەزیری بەینەتوالعەینی کە نوّژی خانەقایانی پیّ دەکەن پیاوەکانی بەریّ کردەوە.دوای چیّشتانیّ مەجلیسی میر حاجی گیرابوّ.لە مەجلیسی وە ژوّر کەوت روّی دە میرحەجی کرد ــ و سلاوی لیّ کرد میرحەج سەری هەلّینا ــ و سلاوی ئەستاندەوە کوتی: کچیّ وەزیری دەلیّی چی؟ کوتی ئاغا! ئەتوّ بوّ خوّت بە لە فری خوّت ئەمنت داوە بەو کابرایەی. ئەوەندی کە ئەمن لە کن ئەو کابرایەم ئیّستادە زنوّژی لە من نەشکاوە.ئەو کاغەزە ئەمن نوسیومە تاوانی کەس مەگرە، کەس ئاگای لە ــ و کارەی نییە ئەو کارە کاری منە ئەمن کردومە سەرم دە تاشی شار بەدەرم دەکەی، کەیفی خوّتە!

میرحەج سەری هەلّینا کوتی. کچیّ وەزیری خوّلّا هەموّن بە قوربانی توّ کا. کەس ئەو فکرەی نەبوّ. ئەتوّ چەقەچەقی برایمیت لیّخە کردومەوە،خاتوّنت هیّناوەتەوە بەردەستم خوّم ئەمن لە قەولی خوّم پەشیمان نیم،بانگی مەلای کەن! تا لیّکیان مارەکەم.

سەد رەحمەت لە مە ــ و لە گوّ دیّران
بەشی تیّدا نەبی شەیتانی دین دوژمنی مالّ ویّران.